# ڕوو بە ڕوو  لە گەڵ بەختیار عەلیدا دەربارەی جەهل و گەمژەیی

( **بەشی سێیەم و کۆتایی** )

**تاهیر ساڵح شەریف**

لە بەشی دووەمدا ئەوەم ڕوونکردەوە کە بەختیار لە ڕووی تێرمێنۆلۆژییەوە توانای ڕاڤەکردنی زاراوەکانی " جەهل " و " گەمژەیی " نییە و بەو هۆیەشەوە ناتوانێت هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان جەهل و گەمژەییەدا بکێشێت . لە تێرمێنۆلۆژییەکەی بەختیاردا نە جەهل و نە گەمژەیی پێناسەیەکی کۆنکرێتیان نییە . جارێک گەمژەیی بریتییە لە : {تێکدانی توانای جیاکاری لە نێوان مەعریفەت و جەهلدا - بەختیار هەمان وتار } . جاری دووەم گە مژەیی بریتی دەبێت لە : { جەهل لە جەوهەریدا ڕووبەرێکی نەزانینە، بەڵام گەمژەیی بریتییە لە بە سیاسیکردن و بە ئایدۆلۆژیکردنی نەزانین، بریتییە لە گۆڕینی جەهل بۆ دانەر و داڕێژەری یاساکانی ناو سیستەم.– بەختیار هەمان وتار } . جاری سێیەمیش :{ گەمژەیی بریتییە لە ڕق لە مەعریفەت، برتییە لە سەندنەوەی ماف و دەسەڵات لە مەعریفەت، بریتییە لە شکاندنی هەیبەتی ڕەمزیانەی مەعریفەت . بەختیار هەمان وتار } . جاری چوارەمیش بە ڕای بەختیار : { گەمژەیی تەنیا بریتیی نییە لە دەستکورتی و بێتوانایی دەرهەق بە تێگەیشتن یان دەرهەق بە »توانای حوکمدان» وەك کانت لە »ڕەخنە لە عەقڵی پەتی» دادەڵێت دا ، بەڵکو جەوهەری گەمژەیی لە نەبوونی چێژی ستاتیکی و توانای بینینی جوانیدا زیاتر بەرجەستەدەبێت.... }.  بەم شێوەیە دەبینین کە بەختیار گەمژەیی و جەهلی کردووەتە مەتەڵی هێلکەو مریشکەکە و نازانێت کامیان لە پێش ئەوی دیکەیانەوەیە. ئەوە بۆ بەختیار ڕوون نییە کە جەهل گەمژەیی بەرهەم دەهێنێت، یان بە پێچەوانەوە گەمژەیی جەهل بەرهەم دەهێنیتەوە؟... کێشەکە هەر لە ئاستی پەیوەندی و پێناسەکردنی ناشیانەی  جەهل و گەمژەییدا قەتیس نابێت، بەڵکو کێشەی پەیوەندی نێوان جەهل و گەمژەیی لە جیهانبینی نووسەردا دەگاتە ئاستە ئاڵۆزترەکان و فەیلەسوفەکەمان زیاتر  تووشی سەرگێژەدەکات ! . لە خوارەوەتر هەوڵدەدەم ئەو ئاستانە دەستنیشان بکەم و  قسەی زیاتریان لەسەر بکەم .

## جەهل و گەمژەیی یان سەفسەتەی "نیتشە"ییانە ؟

ئەوەی کە بەختیار ناوی لێدەنێت ( جەهل ) و ( گەمژەیی )،هیچ شتێک نییە جگە لە چەمکی نهیلێزم ( پووچگەرایی )ی نیچەییيانە . فریدرەک نیچە( 1844- 1900 )، ڕایگەیاند کە بەربەریەت لە دەرگای ژیانی دەدات و ئەم بەربەریەتە هەموو  گۆشەو قوژبنێکی ژیان ( بە تایبەتی بواری پەروەردەو خوێندن) دەگرێتەوە .

نیچە بە ڕاگەیاندنی تێزی " مەرگی خودا " ، پێمان دەڵێت کە ئیتر ناتوانین بڕوامان بە ئەخلاق و حەقیقەت هەبێت . بە بۆچوونی نیتشە، کەسانێکی  کە باس لە حەقیقەت دەکەن، کەسانێکی درۆزنن کە بە شوێن "بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات "ەوەن .  لە ڕوانگەی نیچەوە، چەمکی  ئازادی و ئەخلاق، هەروەک چەمکی حەقیقەت، تەنها وەهمی مرۆڤن: { حەقیقەت ! وەهمی خرۆشاوی خوایەکە! حەقیقەت چ گرنگی و بایەخێکی بۆ مرۆڤەکان هەیە ؟ . ئەو حەقیقتە  هیرکلێتییە چی بوو  و چی بەسەرهات ؟... چەمکی کەسایەتی، هەروەها بە دڵنیایشەوە چەمکی ئازادی و  دڵخوازانەی ئەخلاقی، وەهمێکی پێویستن . بەم شێوەیە، ئارەزووی ئێمە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت لە سەر درۆ دامەزراوە 3} . بە پێی تێگەیشتنی نیچە، حەقیقەت تەنها لای فەیلەسوفە و ئەگەر فەیلەسوف نەبێت، ئەوا حەقیقەتیش بوونی نییە !. حەقیقەت کە لە دنیای دەرەوەی فیکری ئێمەدا بوونی هەیە و مەقولەیەکی ماددییە، لای

نیچە تا ئاستی ئایدیاکان و بیروڕای فەیلەسوف دابەزێنراوە :{ فەیلەسوف خاوەنی ڕاستییە : با چەرخی ڕۆژگار بە بۆ هەر لایەک کە دەیەوێت بسوڕێتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت لە چنگی حەقیقت ڕزگاری ببێت4 } . با چاو لەو ناکۆکییە لە سیستەمی بە ناو فەلسەفی نیچەدا بپۆشین کە لە لایەک پێی وایە حەقیقەت وەهمەو لە لایەکی تریشەوە پێی وایە حەقیقەت تەنها لەلای فەیلەسوفەو فەیلەسوف بە موڵکداری حەقیقەت دەزانێت، چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییە دەسپێرم بە لایەنگرانی سیستەمی سەفسەتەبازییەکەی نیچە، بەڵام من لێرەدا بە دوای خاڵێکی گرنگتردا دەگەڕێم تا سەفسەتەبازییەکەی بەختیاری لە مەڕ جەهل و گەمژەیی پێ ڕوون بکەمەوە .... بەهەرحاڵ لە درێژە باسەکەدا بەو خاڵە دەگەین.

نیچە پێی وایە کە بوونی سیستەمی فیکر سەرچاوەی ڕەشبینی مرۆڤە . یان بە واتایەکی دیکە، ئەگەر فیکر نەبووایە، ئەوا مرۆڤ دووچاری نائومێدی و ڕەشبینی نە دەبوو : { حەقیقەت لە سیستەمی ڕەشبینیدا: باشتر بوو ئەگەر فیکر نەبووایە5}. ڕەشبینی نیچە بەرامبەر بە سیستەمی کۆمەڵایەتی، سیاسیی و کلتوری کۆمەڵگە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕۆژگارێک هاتۆتە کایەوە تیایدا فیکر، سیستەمی پەروەردە و زانست بەرەو لە بەریەک هەڵوەشانەوە و لە ناوچوون دەڕوات ! . نیچە توێژە خوێندەوارەکان بە یەکێک لە هۆیەکانی هاتنە کایەی ئەو ڕۆژگار و بارودۆخە کۆمەڵایەتییە ناهەموار و ترسناکە دەزانێت کە بەختیار بە سیستەمی گەمژەیی و جەهل ناوی دەبات . نیچە دەڵێت: { نیشانەکانی فەوتانی پەروەردە و فێرکردن لە هەموو شوێنێکدا دەبینرێت . نابوت بوون و لە بەریەک هەڵوەشانەوەی تەواوەتی : پەلە کردن، داچوونی بڕوای ئاینی، ناکۆکی نەتەوایەتی، هەڵوەشانەوە و داڕمانی زانست، بێ بەها بوونی ئابووریی پوڵی ( پارە )یی و چێژ و حەزی چینە داناکان، نەمانی عەشق و شکۆدارێتی لە ناو ئەواندا، ئەم خاڵە بۆ من ڕۆشنتر و ڕۆشنتر دەکاتەوە کە چینە خوێندەوارەکان لە هەموو ڕوویەکەوە بەشێکن لەم ڕەوتە . ئەوان ڕۆژ بەڕۆژ بێ فیکر و بێ ئیحساستر دەبن . هەموو شتێک، لە هونەرەوە بگرە تا زانست دەکەوێتە خزمەتی بەبەربەریەتێکەوە کە بەڕێوەیە 6 } . ئەوەی کە نیچە بە بەربەریەت ناوی دەبات، لە ڕاستیدا ئەوە شارستانییەتی سەرمایەداری ڕۆژئاوایە، بەڵام نیچە باس لەوە ناکات سەرچاوەی ئەم بەربەریەت چ ڕژێمێکە و لە ناخی چ ڕژێمێکەوە هەڵقوڵاوە . لەوەش سەرنجڕاکێشتر لە هەمان سیستەمی سەفسەتەبازی فەلسەفی نیتشەدا، هۆکاری هاتنە کایەی بەربەریەتەکەی گێڕدراوەتەوە بۆ نەمانی حەز و عەشقی چینە خوێندەوار و داناکان ! . نیچە بە توندی دژی توێژە ئەکادیمی و خوێندەوارەکان دەوەستێتەوە و دەڵێت : { لافاوی بەربەریەت لە پشت دیوارەکانی ئێمەوەیە : بەڕاستی ئێمە هیچ هۆکارێکی بەرگری کردنمان لەخۆمان پێنییەو خۆشمان بەشێکین لەم ڕەوتە 7}. پاشان نیچە پرسیار دەکات کە لەبەرامبەر ئەو لافاوی بەربەریەتەی بەڕێوەیە چی بکرێت ؟ نیچە پرسیار دەکات و وەڵامیش دەداتەوە: { دەبێت چی بکرێت ؟... هەرجۆرە یەکگرتن و یەکبوونێک لەگەڵ " خوێندەوارەکان "دا ڕەتدەکرێتەوە . ئەم چینە گەورەترین دوژمنە، چونکە ڕێگرە لە بەردەم کاری پزیشک و ئینکاری لە بوونی نەخۆش دەکات 8}. نیتشە هەموو یەکگرتنێک لەگەڵ خوێندەوارەکان ڕەتدەکاتەوە لە هەوڵدان بۆ کۆتایی هێنان، یان بەرگرتن بە شەپۆلی بەربەریەتێک کە لە دەرگای ژیانی ئەوروپای کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دەدات .

بە بڕوای نیچە، فەیلەسوف دکتۆرە و نەخۆشیش کۆمەڵگە و کلتوری کۆمەڵگەیە:{ فەلسەفە ناتوانێت خوڵقێنەری کلتور بێت، بەڵام دەتوانێت ئامادەی بکات؛ یا بیپارێزێت، یان عەدالەتی پێببەخشێت . بۆ ئێمە : بە پێی ئەو هۆکارانە، فەیلەسوف قسەکەری باڵای مەکتەب و قوتابخانەکانە 9}. نیچە و بەختیار لێرەدا یەکدەگرنەوە کە یەکیان بەشێک لە توێژە خوێندەوار و ئەکادیمییەکان بە " بەربەریەت " و دوژمن لە قەڵەم دەدات و ئەوەی دیکەشیان بەگەمژە و جاهل . بەختیار خۆی دەخاتە

شوێنی فەیلەسوفێکەوە و بە ئاوازێکی نیتشەییانە دەڵێت :" گەمژەیی سیاسی و گەمژەیی دینی و گەمژەیی زانستی و ئەکادیمی و هتد، جۆری جیاوازی گەمژەیین و کەرەستە و تێزی جیاوازیان هەیە، بەڵام پێکڕا یەك بەرهەمدەهێننەوە. جەهلی سیاسی، جەهلی ڕۆشنبیری و زانستی و ئەخلاقیش بەرهەمدەهێنێت. جاهیلەکان لە جەوهەردا لە هەر جێگایەك بن برای یەکن، هەتا ئەگەر دوژمنی سیاسی یەکیش بن، لە بەرابەر مەعریفەت و عەقڵدا، هاوپەیمانێتی جاهیلانە کۆیاندەکاتەوە و یەکیاندەخات– بەختیار هەمان وتار } . سەیر ئەوەیە نە نیچە ( تا ئەو جێگاییەی من نیچەم خوێندووەتەوە ) و نە بەختیاریش، یەک پێناسەی کۆنکرێتیان بۆ مەعریفە و عەقڵ پێنییە، جگە لە سەفسەتەو وڕێنەکردنێکی شێوە فەلسەفییانە دەربارەی عەقڵ و مەعریفە . بەختیار لە سەرتاسەری وتارەکەیدا و تەنانەت لە هەموو ووتارەکانی دیکەشیدا، یەک پەرەگراف دەربارەی خودی مەعریفە و چۆنییەتی بە مەعریفەکردنی دەسەلات ناڵێت . بەختیار تەنها قسە فڕێ دەدات، بەلام قسە هەڵناگرێتەوە؛ ئاخر کاکی فەیلەسوف پێمان ناڵێیت کە جەهلی سیاسیی، چۆن جەهلی ڕۆشنبیری و زانستی بەرهەم دەهێنێتەوە ؟ جەهل و زانست و ڕۆشنبیری، تێزو ئەنتی تێزی یەکترن و بوونی هەریەکەیان ئەوی دیکەیان نەفی دەکاتەوە . لەوشوێنەدا کە ڕۆشنبیری بوونی هەیە، جەهل مردووە. لەوشوێنەدا کە زانست حوکم دەکات، جەهل لە گۆڕستاندایە . کێشەکە هەر لەتێنەگەشتن و وڕێنەکردنی بەختیاردا نییە دەربارەی ناکۆکی نێوان زانست و جەهل، بەڵکو کێشەکە لە حەقدی نیتشەییانەی بەختیاردایە بەرامبەر بە زانستخوازن و ئەکادیمییەکان . بەختیار دەیەوێت کەسە ئەکادیمییەکان وەک خۆی وڕێنەی فەلسەفی بکەن، ئەوجا ئەوان لە جەهل و گەمژەیی ڕزگاریان دەبێت !.

زۆر کەس ( لەوانەش بەختیار ) تووشی شۆک بن کە ئەگەر بڵێم فەلسەفە، وەک لقێکە لە لقەکانی فیکری مرۆیی، لەبەردەم گەشەکردنی زانستی بەشەری ئەمڕۆدا، مەرگی خۆی ڕاگەیاندووە! . ئەگەر فەلسەفە لە سەردەمێکدا توانیبێتی، زەمینە خۆشکەری فیکری بێت بۆمرۆڤ تا دەستی بە زانستە جۆراوجۆرەکان ڕابگات، ئەوا پاش ئەو شۆڕشە زانستییەی کە سەرمایەداری جیهانی پەیتا پەیتا بەرپای کرد لە شێوەی بەرهەمهێنانەکەیدا، فەلسەفە لە بەردەمیدا بۆتە بەفری بەخۆر هەتاو ! . ئەمڕۆ ئیتر فەلسەفە ناتوانێت داهێنانێک لە بواری زانستە جۆراوجۆرە مرۆییەکاندا بکات . ئەوەی کە ئەمڕۆ کەشف و داهێنانێکی زانستی دەکات لە بواری ( بۆنموونە ) پزیشکیدا، ئەوە مرۆڤێکی خوێندەوار و ئەکادیمییە کە بەزانست و تیۆری پزیشکییەوە دەچێتە ئەو مەیدانەوە، نەک بە فەلسەفە و عەقڵی پەتی کانت و سەفسەتەکانی نیچەوە . ئەو مرۆڤە زاناو ئەکادیمەیەی کە ئەمڕۆ دەیەوێت لە نهێنییەکانی گەردوون و سروشت بکۆڵێتەوە و دۆزینەوەیەکی زانستی لەو ڕووە بەدەست بهێنێت، پشت بە فەلسەفەی دیمۆکریت و ئەپیکۆر نا بەستێت، بەڵکو پشت دەبەستێت بەو تیۆری و زانستە فەلەکییەی کە وەک ئەزمونی سەدان ساڵە لە بواری فەلەکیدا کۆکراوەتەوە و خراوەتە بەردەستی و لە زانکۆکاندا خوێندوویەتی . ئەو سیاسەتمەدارەی ئەمڕۆ، بەڕاستی سیاسەت دەکات و دەوڵەت بەڕێوە دەبات، لە زانکۆدا زانستی سیاسەتی خوێندووە و هەزار مکیاڤیلیش بە قوتابی ڕانەگرێت !. ئێستا ئیتر مێژوو کانت، شوبنهاوەر، هیگل، فیورباخ و مارکس و فلانە فەیلەسوف و بیریاری دیکە دروست ناکاتەوە تا باسە فەلسەفییەکان دەربارەی ماتریالیزم و دیالکتیک دەست پێبکەنەوە . ئەمڕۆ جارێکی دیکە باسە فەلسەفییە گەرمو گوڕەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە بارەی ئەوەوە کە خودا گەردونی دروست کردووە یان لە ڕۆژی ئەزەلەوە هەر هەبووە، یان ئەوەکە ڕۆح و جەستە کامیان لە پێشەوەیە، دەست پێناکاتەوە، چونکە ئەو باسانە کران و تەواو بوون، ئەوانەی کە پێیان وابێت جەستە لەپێش ڕۆحەوەیە، یان گەردون لە ڕۆژی ئەزەلەوە هەبووە، یان بەپێچەوانەکەیەوە، بەسەر دوو ئۆردوگای ناکۆکدا دابەش بوون و ئەو کەسانە، یان سەر بە قوتابخانەی چۆراوجۆرەکانی ماتریالیزمن یاخود سەر بە قوتابخانەی ئایدیالیزمن . جارێکی دیکە، مێژوو گالیلۆیەک دروست ناکاتەوە تا بێت و کەشفی ئەوەمان بۆ بکات

که زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، نەک بە پێچەوانەوە. گالیلۆ ئەو ڕاستییەی زانستییەی دۆزییەوە و هەرکەسێکی دیکەش ئەو تیۆرییەی ئەو دووبارە بکاتەوە و بە دۆزینەوە و تیۆری خۆیی بزانێت، خۆی دەکاتە مەهزلە. گالیلۆ ئەرکی زانستی خۆی بەجێهێناو تەواو بوو . زاناکان و فەیلەسوفەکانی پێش ئێمە، قسەی خۆیان لە بارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و دنیای مادی دەوروبەرمان کردو ئەرکی فەلسەفی و مەعریفی خۆیان بەجێهێنا، ئێمە ئەمڕۆ تەنها دەتوانین لایەنە زانستییەکانی باسە فەلسەفییەکانی ئەوانە بخوێنین و لەوبوارێکی ژیاندا کە پێویستمان پێیەتی، کاریان پێبکەین و فراوایان بکەینەوە . لەبەرئەوە، ئەو زانای کۆمەڵناسییەی کە ئەمڕۆ دەیەوێت لە کێشە ئاینی و کلتورییەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بکۆڵێتەوە، پێویستی بەوە نییە کە جارێکی دیکە پێناسەی ماتریالیزم و ئایدیالیزممان بۆ بکاتەوە، چونکە پێناسەکان کراون و تەنها ووتنەوە و بەکاربردنەوەیان لە بوارێکدا لە ئەستۆی ئەودایە کە کاری لەسەر دەکات . زانایەکی کۆمەڵناسی، یاسا ناسێک، پرۆفیسۆر و پزیشکێک نە جاهیلن و نە گەمژەن، ئەوانە گەمژە نین، ئەوانە مێشک و عەقڵە تۆکمەو نادرەکانی کۆمەڵگەن و لەخزمەتی مانەوەی چینێکی کۆمەڵایەتیدا کار دەکەن کە هەموو هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ژیانی لەدەستدایە . ئەو چینە، چینی دەوڵەمەندەکان و سەرمایەدارەکانە کە ئەم مێشک و ئەقڵانەیان کڕیوە تا دەسەڵاتی خۆیانی پێ بەرهەم و سەرلەنوێ بەرهەم بهێننەوە .

ئەوەی کە نیچە بە بەربەریەت، دارمانی عەقڵ و زانستی دەزانێت، مارکس بە کارێکی سروشتی، ڕۆتین و بێنرخی سیستەمی ئابوری بۆرژوازی دەزانێت : { بۆرژوازی هەموو ئەو چالاکیانەی کە تا ئێستا بە پیرۆز دەبینران و بە چاوی ترسەوە تەماشا دەکران، لە پیرۆزی خۆیدا نوقمی کردن . پزیشک، یاساناس، قەشە، شاعیر و زاناکانی کردە کرێگرتەی خۆی – مارکس و ئەنگلس مانیڤێستی کۆمۆنیست} . مارکس بە پێچەوانەی نیچەوە، ئەو توێژە ئەکادیمی و خوێندەوارانە نە بە دوژمن دەزانێت و نە بە گەمژەو جاهیل، بەڵکو ئەوانە بە بەشێک لە کرێکارانی کرێگرتە و کۆیلەی چینی بۆرژوازی دەزانێت . لە دیدگای مارکسەوە پزیشک و یاسا ناسایک و زانایەک، جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەو کرێکارەدا نییە کە هێزی بازووی خۆی دەفرۆشێت . ئەگەر جیاوازییەک هەبێت تەنها لە کاردابەشکردنی بۆرژواییانەدایە و لەم پرۆسەی کاردابەشکردنەشدایە کە لە یەکێکیان هێزی فیکری و مەعنەوی بەکاڵا بوو دەکرێت و لەوی دیکەشیان هێزی بازوی بەکاڵابوو . بە کاڵا بوونی هێزی فیکر و بەکاڵابوونی هێزی کار، لە بازاڕی سەرمایەداریدا ، وەک هەرکاڵایەکی دیکە کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت و کڕیاری ئەو کاڵایەش سەرمایەدارە . پرۆلیتارێک کە لە کارگەیەکدا هێزی کاری خۆی دەفرۆشێت و کارێکی فیزیکی و جەستەیی ئەنجام دەدات تا ژیانی مەمرەو مەژی ڕۆژانەی خۆی دابین بکات، لەگەڵ یاساناس، پزیشک و زانایەکدا جیاوازیان نییە کە بۆ دابینکردنی ژیانی خۆی هێزی فیکری خۆی دەفرۆشێت تا ژیانی خۆی دابین بکات . هەم کرێکار و هەم زانایەک، لە شێوەی بەرهەمهێنانی کاڵایی سەرمایەداریدا، تەنها یەک ڕۆڵ دەبینن؛ کەڵەکەکردنی قازانج بۆ چینی سەرمایەداری دەسەڵاتدار، بەڵام بەم جیاوازییەوە کە ئەویان لەڕێگای کاری جەستەییەوە و ئەمیشیان لە ڕێگای کاری فیکری و مەعنەوییەوە ئەو ڕۆڵە دەبینن . ئەو دووبەشە لەچینی کرێکاری کرێگرتەی سەرمایەداری، لە دواشیکردنەوەدا یەک دوژمنی چینایەتیان هەیە، ئەویش چینی سەرمایەداری قازانجپەرست و مشەخۆرە . کرێکار، یاساناس، پزیشک و زانایەک لە بازاڕی کاری سەرمایەداریدا، لە ڕووی چلۆنایەتییەوە یەک جۆر کاڵایان بۆفرۆشتن هەیە کەیەکیان هێزی فیکر و ئەوی دیکەشیان هێزی کارە و لە دواشیکردنەوەشدا هەردووکیان سەرمایە بۆ سەرمایەدار بەرهەم دەهێننەوە. ئەمانە دوژمنی شارستانییەت و زانست نین، یان بەشێک لە شەپۆلی بەربەریەتی نین، وەک نیچە باسیان دەکات، یان کەسانی جاهل و گەمژە نین وەک بەختیار باسیان دەکات، بەڵکو ئەم بەشە لە کرێکارانی کرێگرتە، توێژێکی دانا و هوشیارن لەو چینە کۆمەڵایەتییە کە

لە دوالێکدانەوەدا کۆتایی بە بەبەریەتی سەرمایەداری دەهێنێت . ئاخر خۆ لەخۆڕا نەبوو کە ئەنشتاین، وەک زانایەکی کۆیلەو کرێگرتەی ڕژێمی سەرمایەداری، وەک کرێکارێکی ناو کارگەیەک، نەفرەتی لە سەرمایەداری کرد و سۆشیالیزمی وەک باشترین ئەلتەرناتیڤی ڕژێمی سەرمایەداری باسکرد، لە هەمانکاتیشدا ئەکادیمییەکانی بە بە کرێکار ناوزەد کرد: { من هەموو ئەو کەسانەی کە بەشێکیان لە موڵکداری تایبەتیدا نییە بە " کرێکار " ناوزەد دەکەم ... من لەوە دڵنیام کە تەنها یەک ڕێگا هەیە بۆ لە ناوبردنی جیاوازییە ڕیشدارەکان، ئەویش سیستەمی سۆشیالیستییە، هاوکات لەگەڵ سیستەمی پەروەردەو فێرکردنێکدا کە ئامانجی کۆمەڵایەتی هەبێت. - وتارەکەی ئەنشتاین لەگەڵ گۆڤاری مۆنثلی ڕیڤییو لەم لینکەوە بخوێنەرەوە http://www.monthlyreview.org/598einst.htm }.
تۆ بڵێی ئەنشتاینیش جاهل و گەمژە بووبێت و بەختیار لەو زاناتر و بەمەعریفەتر بێت ؟! .

# گەمژەیەتی ڕەها یان کۆنەپەرستی ڕەها ؟

پاش وڕێنەکردنێکی دوورو درێژ دەربارەی جەهل و گەمژەیی، سەرئەنجام دەگاتە پێناسەیەکی سەیر و سەمەرەتر لە بارەی گەمژەییەوە . بەختیار دەڵێت : { بەڕای من گەمژەیی تەنیا بریتیی نییە لە دەستکورتی و بێتوانایی دەرهەق بە تێگەیشتن یان دەرهەق بە »توانای حوکمدان« وەك كانت لە »ڕەخنە لە عەقڵی پەتی« دادەڵێت دا ، بەڵکو جەوهەری گەمژەیی لە نەبوونی چێژی ستاتیکی و توانای بینینی جوانیدا زیاتر بەرجەستەدەبێت. گەمژە کەسێکە ئاسۆکانی بیرکردنەوەی تەسکن و سیستمی تێڕوانینی جێگای تێزی نوێ و گووتاری دی و دەرەنجامی تازەی تێدا نابێتەوە - بەختیار هەمان وتار } . گەمژە، کە بەختیار مانا کوردییەکەی نازانێت، کەسێک نییە کە چێژێکی ستاتیکی وەر نەگرێت و شتەکان بە جوانی نەبینێت، بەڵکو گەمژە مرۆڤێکە کە لە بوارێکی ژیاندا توانای تێگەیشتن و دەرککردنی خاو و لاوازە . تەنانەت نیتشە ئەو پێناسە ڕووکەشانەی بەختیار دەربارەی گەمژەیی ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێت : " گەمژە توانای چێژی ستاتیکی و بینی جوانی شتەکانی نییە " . نیچە دەڵێت :{ کێشەکە لە سەر پلەکان و چەندایەتییە. مرۆڤەکان هەموویان خاوەنی سروشتی هونەری، فەلسەفی، زانستی و شتی ترن 10} . پلیخانۆف بە زمانێکی سادەتر و بە بێ ئەوەی ئاگای لە هەمان بۆچوونی نیتشە بووبێت، چێژوەرگرتنی ستاتیکی مرۆڤ لە شتەکان ڕوون دەکاتەوە و مرۆڤەکان بە شێوەیەکی غەریزی و سروشتی دەکاتە هونەرمەند . پلیخانۆف دەڵێت : { سەرەتا با بچینە سەر باسکردنی سەماکردنەکان وەک سەرەتایی ترین شێوەکانی هونەر . نێرەکانی بەشێک لە باڵندەکان، لەکاتی مەغازەلەکردنی مێیەکانیاندا، دەست بە سەمای ڕاستەقینەدەکەن . ئەو جۆرە سەماکردنانە لە نێوان مرۆڤەکانیشدا بوونیان هەیە : ئەوانە سەمای مەغازەلەن کە سروشتی ئەوانە لەگەڵ گەشەکردنی نەریتدا گۆڕانیان بەسەردا دێت .... ئەم سەماکردنانە بریتین لە لاسایی کرنەوەی جوڵانەوەکان .... یاری منداڵانە، لاساییکردنەوەی کاری گەورەترەکانە . هەموو ئەو لاسایی کردنەوە و سەماکردنانە چی دەخەنە ڕوو؟ ئەوانە یاریکردنەکان و هونەری سەرەتایین کە چالاکی بەرهەمهێنەرانەی مرۆڤ بەرجەستە دەکەنەوە 11 } .
گەمژەیەک مادام هەستەکانی کار دەکات، توانای بینی شتەجوانەکانی هەیە و چێژی ستاتیکیان لێوەردەگرێت . ئەو کەسەی کە بەختیار بە گەمژە ناوزەدی دەکات، ڕەنگە لە بەختیار زیاتر چێژی ستاتیکی لە شتەکان وەر بگرێت و لە بەختیار دەستڕەنگینتر بێت .
بڕگەی دووەم لە پێناسەکەی بەختیاردا بۆ گەمژەیی، لایەنێکی سیاسیی و مەعریفی هەیە . سیاسییە بەم واتایە کە بە ناو سیاسییەکانی ئێمە گوتاری سیاسیی نوێ قەبووڵناکەن، بەڵام ئەم سیاسییانە

گەمژەنین، بەڵکو ئەم بەناو سیاسییانە کۆنەپەرست و کۆنسەرڤەتیڤن . کۆنەپەرستێکی سیاسیی، گەمژە نییە، چونکە ئەو بەوپەڕی هوشیارییەوە دژی گوتاری سیاسیی نوێ دەوەستێتەوە و قەبوڵی ناکات . مانەوەی بەرژەوەندی ماددی و لە دوالێکدانەوەشدا دەسەڵاتی ئابووری و سیاسییەکەی، وا دەخوازێت کە گوتاری سیاسیی نوێ قەبوڵ نەکات . ڕەنگە بۆ سیاسییەکی کۆنسەرڤەتیڤ گوتارەکانی من و تۆ جوانبێت و چێژێکی هونەریشیان لێببینێت و هەندێک جار لە خیتابە سیاسییەکانیشدا هەمان گوتاری ئێمە بە دیوێکی ئاوەژۆکراودا بڵێتەوە، بەڵام جوانتر لە گوتارەکانی من و تۆ، لەلای ئەو دەسەڵاتەکەیەتی، پارەکەیەتی، شمشێرکەی و چەقۆکەیەتی، زیندان و کۆشکە ڕازاوەکەیەتی، باخچەو سفرە ڕەنگینەکەیەتی . دەسەڵاتێکی کۆنەپەرست، گەمژە نییە، بەڵکو دەسەڵاتێکی تەواو هوشیارە و بە هوشیاریی تەواوە تێزی نوێ و گوتاری سیاسیی نوێ ڕەتدەکاتەوە . دەسەڵاتێکی کۆنەپەرست، ئاسۆکانی بیرکردنەوی تەسکە و جێگای تێزی نوێ و گوتاری نوێی تیانەبێتەوە، بەڵام گەمژە نییە . گەمژە کەسێکە کە توانای تێگەیشتن و دەرکردنی لاوازە، گەمژەکان ناتوانن بگەنە لوتکەی دەسەڵات، بەڵام گێل و کۆنەپەرستەکان گەیشتنە لوتکەی دەسەڵات بۆیان ئاسانە، چونکە گێلی و فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی کۆمەڵگە ئەو هێزەیان پێدەبەخشێت . کۆنەپەرست کەسێکە کە توانای تێگەیشتن و دەرککردنی بەهێزە و هێزی دەرک و تێگەیشتنەکەشی کردوویەتە دەسەڵاتدارێک کە حوکمی کۆمەڵگە بکات . ئەو هێزی خۆ نوێکردنەوەی لە دواکەوتوویی و کلتوری کۆنەپەرستی کۆمەڵگەوە وەر دەگرێت . تا کلتوری کۆنەپەرستانە حوکمی کۆمەڵگە بکات، کۆنەپەرستەکانیش بەوپەڕی هوشیارییەوە( نەک گەمژەیی ) دەسەڵات بەدەستەوە دەگرنەوە و کلتوری کۆنەپەرستانە برەو پێدەدەن . مەسعود بارازانی و جەلال تاڵەبانی نموونەیەکن لە کۆنەپەرستی ڕەها، نەک لە گەمژەیی ڕەها .

# گەمژەیی ڕەها یان پووچگەرایی ڕەها ؟

ژیان بریتییە لە گۆڕانکاری بەردەوام . وەک هیریکلێت وتی : " ئێمە ناتوانین بە ئاوی ڕووبارێک دووجار خۆمان بشۆین، چونکە ڕووبارەکە لە ڕۆشتنی بەردەوامدایە " . هەرشتێک کە هەیە، لە هەمانکاتدا نییە! . ئەو شتەی کە ئەمرۆ وەک شتێکی ڕاست و مەعقول دێتە بەرچاومان و بەرهەستەکانمان دەکەوێت، بە تێپەڕین ڕۆژەکان و چرکە ساتەکان، هەرجۆرە ڕاست و ڕەوابوون و هەرجۆرە مەعقول بوونێکی خۆی لەدەست دەدات . ئەوانە، وانە سەرەتاییەکانی دیالیکتیکن و هەرکەسێک بڕوای بە دیالکتیک و بە مەعریفە هەبێت، ئەوا دەبێت یاساکانی گۆڕانی زاڵ بە سەر شتەکان و دیاریدەکاندا قەبوڵ بکات . هیچ شتێک لە بەردەمی دیالکتیکدا نەگۆڕو ڕەها نییە . کەسێک بڕوای بە گۆڕان نەبێت، لە جیهانێکی خورافی و ڕەشبینیدا دەژی و ناتوانێت چێژ لە جوانی شتەکانی دنیا ببینێت .

سۆفیگەری کە جیهانێکی تەواو عیرفانییە، ناتوانێت چێژ لە جوانی ژیان و شتەکان ببینێت . دنیا لەلای سۆفییەکان دنیایەکی نەگۆڕ، گوزەر و فانییە . ڕەشبینی بەرامبەر بە ژیان بەشێک لە جیهانی عیرفانی سۆفیگەرییە . سۆفییەک لە خەڵوەتدا خەو بە جوانی ڕوخسار و دەسەڵاتی خوداوە دەبینێت . سۆفییەک هەموو جوانی شتەکان لە سیمای خودادا وێنە دەکات و ژیان بە خەرابات دەبینێت . سۆفیزم و عیرفانەکەی نهیلزم، یان پوچگەراییەیەکی پەتییە بەرامبەر بە ژیان و دنیایی ماددی . سیستەمی بە ناو فەلسەفییەکەی نیتشەش، هەمان پوچگەرایی عیرفانی سۆفییەکانە بەرامبەر بەژیان . نیچە

جوانی ژیان لە جوانی  حیکمەت و ئەقڵی فەیلەسوفدا دەبینێتەوە . خەونی نیتشە، خەونێکی عیرفانییە بە ڕوخساری جوانی فەیلەسوفەوە. ئەو لە زمانی ئۆدیپۆسەوە لە گەڵ خۆیدا دەدوێت و پێمان دەڵێت: { من خۆم بە دوایین فەیلەسوف دەزانم، چونکە من دوایین مرۆڤم . هیچ کەس لەگەڵ مندا نادوێت، جگە لە خودی خۆم . با زیاتر لە کاتژمێرێکیش لە گەڵ تۆدا هاوڕێ بم . ئەی دەنگی ئازیز، لە گەڵ تۆدا لە ڕێگای ئەفسونەوە لە تەنهایی ڕزگارم دەبێت و بە هاوکاری درۆ خۆم دەگەیەنمە جێگایەکی فراوان کە پڕە لە  عەشق ، چونکە دڵم هێشتا لە بەرامبەر ئەم باوەڕەدا کە عەشق مردووە، مقاوەمەت دەکات  .... ئایا ئێستاش دەنگت دەبیستیتم، ئەی دەنگی خۆم ؟ ... جیهان بە هەمان کوێری هەمیشەیی خۆی، درێژە بە ژیانی دەدا، تەنها یەک شت دەمرێت- مرۆڤ ... لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، من گوێم لێتە، ئەی دەنگی ئازیز ! شتێکیتر دەمرێت کە شتێکی غەیری منە، ئەم ( مەبەستی لە فەیلەسوفە ) دوایین مرۆڤی  کائیناتە . دوایین  ئاە ئاهی تۆ، لەگەڵ مندا دەمریت ... ئەفسوس ! ئەفسوس ! بۆ من ئاخت هەڵکێشا، بۆ ئۆدیپۆس، دوایین مرۆڤی بەدبەخت و بێچارە 12} . نهیلیزم و پووچگەرایی نیچە تێکەڵەیەکە لە عیرفان، چونکە لە خۆڕا نەبوو کەنیتشە وتی : {  حەز و مەیلی فەیلەسوفەکانی ئێمە لە عیرفان لە هەمانکاتدا جۆرێک لە دابڕانی ئەخلاقی هەست پێکراو بەڵگەدارە 13} . ژیان لە سیستەمی بە ناو فەلسەفی نیتشەدا، هەروەک دنیای سۆفیگەری، دنیایەکی پووچ و فانییە کە فەیلەسوف تیایدا تووشی نامۆبوون دەبێت و دەیەوێت لە ڕیگای درۆوە بگاتە جیهانی عەشقی  خۆ بوون، بەڵام فەیلەسوف لە ڕێگای درۆیشەوە ناگاتە ئەو جیهانە عاشقانەیە، چونکە لەمپەری مەرگ لە سەر ڕیگایدایە !. ژیان لە سیستەمی فەلسەفی نیتشەدا، بەبێ فەیلەسوف جوانی تێدا نییە، گەر فەیلەسوف نەبوو ژیان بە هەموو جوانییەکانییەوە دەمرێت!.. کۆمەڵگە دەبێتە کۆمەڵگەیەکی بەربەری، یان بە واتای بەختیار دەبێتە جاهل و گەمژە . بە واتایەکی دیکە، گەر فەیلەسوف نەبوو، ئەوا ژیان چێژی ستاتیکی نییە و هەموو مرۆڤەکان دەبنە گەمژە و جاهل و گەمژەیەتی و جەهل دەبنە خالێکی بێبڕانەوە کە هەرگیز توانای ڕزگار بوونمان لێیان نابێت  !.  بە ختیار، زمانی فەلسەفی و عیرفانی پووچگەرایی نیتشە بە ئاوازێکی  بێتامتر بە ئێمە دەڵێتەوە : { لێرەوەیە زۆربەی ڕۆشنبیرانی دونیا وا هەستدەکەن کە جەهل ناکۆتا و بێسنوورە – بەختیار هەمان وتار } . بە جیا لەوە کە بەختیار یەک سەرچاوەی دیاری نەکردووەوە و بە ناوی کانت، نیتشە و ئەنشتاینەوە ڕەقەم لێدەدات دەرباری گەمژەیی، لە هەمانکاتدا لەوەش زیاتر دەڕوات و جەهل و گەمژەی دنیای خەیاڵی خۆی دەکاتە دیاریدەیەکی ڕەها و ئەبەدی لە کۆمەڵگەی کوردیدا :{ ئەبەدییەتی جەهلیش لە کۆمەڵگای کوردیدا لە ڕێگای بێدەنگییەوە مسۆگەرکراوە. تا ئەو جێگایەی کە هەمووان دەترسین و دوودڵین بە جەهل بڵێین جەهل، مەحکومین بە دووبارەکردنەوەی. مەحکومین بەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان ئومێدی ئەوەمان نەبێت لە کۆمەڵگایەکدا بژین عەقڵ تیا سەروەر بێت. – بەختیار هەمان وتار } .  ئەمە ئەگەر ڕەشبینی و پووچگەرایی نەبێت بەرامبەر بە ژیان چ مانایاکی دیکەی هەیە ؟ ئاخر ئەوە مایەی گاڵتە پێکردنە کە مرۆڤێک سەری زمان و بنی زمانی مەعریفە و ئەقڵ بێت، بەڵام حوکمی ئەبەدی و  موتڵەق دەربکات بەرامبەر بە نە گۆڕبوونی دیاریدەیەک کە بەختیار لە دنیای  پووجگەرایی خۆیدا ناوی لێناوە جەهل و گەمژەیی !. گریمان ( تەنها گریمان ) بەختیار ڕاستی گوت کە جەهل و گەمژەیی هەیە، بەڵام ئایا کەسێک کە بڕوای بە مەعریفە هەبێت چۆن دەکرێت بڕوای بە گۆڕان نەبێت ؟ دیارەبەختیار نە بڕوای بە مەعریفە هەیەو نە بە گۆڕان. مرۆڤێک کە باوەڕی بەوە نەبێت شتەکان و دیاریدەکان لە گۆڕانی هەمیشەیی و بەردەوامدان، ئەوا دەبێت وەک نیتشە و بەختیار ڕەشبین بێت و گۆڕانی پووچ بوون و بێ واتا بوونی ژیان بڵێتەوە و خەو بەڕوخساری جوانی دنیای فەیلەسوفانەوە ببینێت .

# بەختیار  ئۆپۆزیسیۆنیش نییە !

نووسەرێک کە چێژی ستاتیکی لە ژیان ببینێت، نووسەرێکی گەشبینە . دەزانێت بۆچی دەنووسێت، بۆ کێ دەنووسێت و لە دژی چی و کێیش دەنووسێت . نووسەری ڕەشبین نووسەرێکی پاسیفیست، بێ کاریگەر و گۆشەگیرە . نووسەری گەش بین، نووسەرێکی شەڕانگێزە.. بەو واتایە شەڕانگێزە کە هەمیشە نەیاری ئەوانەیە کە ژیانی مرۆڤیان ناشرین کردووە . سیما دزێو و  شەڕانگێزەکانی دەسەڵات بە سەفسەتەی بە ناو فەلسەفی و بە قسەی ئاڵو واڵا ناگۆڕێن و سیمای خۆیان جوان ناکەن . کەواتە دەبێت چی بکرێت ؟ دەبێتە بکەویتە جەنگی پێنووسەوە لە گەڵیاندا . جەنگی پێنووس، جوانترین جەنگە کە بە بێ خوێڕشتن و شمشێربازی سیما جوان و ناشیرینەکان لەیەکتری جودا دەکاتەوە . ئەم جەنگە زیرەکانەترین هونەری دەوێت ؛ لە مۆسیقا، گۆرانی، سەماو شانۆوە بگرە تا دەگاتە سینەما، فەلسەفە، مەعریفە، زانست و شیعری پێویستە. ئەوانە چەکە کاریگەرەکانی جەنگێکن کە سەرکەوتن بەسەر دەسەڵاتە دیکتاتۆرە دزێوەکاندا مسۆگەر دەکەن و ژیانێکی نوێ دەسەڵاتێکی نوێ لە سەر کەلاوەکانی ئەوان بنیات دەنێنەوە کە عەقڵ و مەعریفە لە بری کۆنەپەرستی، گێلی و خورافە تیایدا حوکم دەکات . ئەو جەنگە، جەنگێکە کە بەو پەڕی هوشیارییەوە لە دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان ئەنجام دەدرێت . ئێمە دەمانەوێت ئەم جەنگە بەڕێ بخەین لە دژی چەتەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری کوردی . ئێمە نووسەرانی ئازادیخوازی کورد، نامانەوێت چیتر کورد بە ئەزمونی تاڵی نەتەوە دواکەوتوەکانی تری ناوچەکەدا بڕوات و زۆرترین خەڵک قوربانی بدات و کەمایەتییەک چەتە و یاخی بووی شاخەکانیش یاری بە ژیان و گوزەران و ئازادییەکانی بکەن . لە مێژە دەڵێین سازان لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە و پاڕانەوە لێی تا ئاقڵ بێت و بە ئەقڵ حوکمی وڵات بکات، بێئەنجام و ڕاکردنە بە دوای سەرابدا . ئێمە وەک بەختیار و نموونەکانی، لە خەونی ئاقڵکردنی ئەو دەسەڵاتەدا نین، بەڵکو خەون بە لە ناوبردنییەوە دەبینین . جەنگی قەڵەمیشمان لە ڕێگای هاتنەدی ئەو خەونەماندایە و دڵنیاین کە خەڵکی کوردستان ڕۆژێک لە بەرەی ڕەوای ئەم جەنگە هوشیار و پیرۆزەدا دەوەستن . ئێمە ئۆپۆزسیۆنێکی گەمژە و جاهیل نین، ئێمە بەو پەڕی هوشیارییەوە ئەم جەنگە ئەنجام دەدەین و پێشمان وایە ئەم جەنگە زۆر نووسەری سەفسەتەباز و ڕەشبینی وەک بەختیار دەخاتە پەراوێزەوە . هەروەها پێمان وایە کە پووچگەرایی، پاسیفیزم و کەنارەگیری زیاتر خەڵکی ملکەچ و دەستەمۆ دەکات بۆ دەسەڵاتێک کە جوانییەکانی ژیانی ئەوی کوشتوە . بەختیار بە ڕاگەیاندنی ئەم بۆچوونە پووچگەراییە کە پێی وایە: { جەهل لە ناو دەسەڵاتدایە وەکو چۆن بە هەمان سەرسەختی و خەستیش لە ناو ئۆپۆزسیۆندایە، لە زانکۆکاندایە و لە ژیانی ڕۆژانەی ڕۆشنبیریشدایە – بەختیار هەمان وتار } وەفاداری خۆی بۆ ناشیرینترین دەسەڵاتی سەرگۆی زەوی جەخت لەسەر کردەوە . بەختیار دەیەوێت بە بەگەمژەو جاهیل لە قەڵەمدانی ئۆپۆزسیۆن، هەروەک دەسەڵاتەکەی تالابانی و بارزانی، مەرگی ئۆپۆزیسیۆنێکی ساواراپگەیەنێت، بەڵام ئەوە سەفسەتەو خەیاڵە . ئەو کاتەی کە بەختیار بەرگری لە ئازادی بیرو ڕاو قەڵەم کرد، بەختیار هەنگاوێکی گەورەی بۆ پێشەوە نا ، بەڵام دوایی  ئەوەی لە بیری کرد کە بە دەستهێنانی  ئازادی بیرو ڕاو قەڵەم لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی ئەقڵ ئەشکەوتی و کێویدا، تەنها بە جەنگی قەڵەمی نەیار و ئۆپۆزسیۆن بە دەست دێت نەک بە وڕێنە و  سەفسەتەکردن دەربارەی گەمژە بوون و جاهل بوونی قەڵەمە ئۆپۆزیسیۆنەکان .

5 نۆڤەمبەری 2007

GravenHurst

سەرچاوەکان :


3 – فریدرەک نیچە : فەلسەفە، مەعریفەت و حەقیقەت . وەرگێرانی بۆ فارسی : مراد فەرهاد پور ، لاپەڕەکانی 142 و 184 .

4 - هەمان سەرچاوە ل 140

5 - هەمان سەرچاوە

6 - هەمان سەرچاوە ل 192 و 193

7 - هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕەکان

8 - هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕەکان

9 - هەمان سەرچاوە ل 155

10- هەمان سەرچاوە ل 90

11- بليخانۆف : مەسەلە بنچینەیەکانی مارکسیسم ل 293 – بە فارسی 294

12- نیتشە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 101

13- نیتشە : هەمان سەرچاوە ل 204